# کەرکووک، ئاکامی پلانە کۆنەکان و ڕەنگدانەوەی لە سەردەمی ئێستادا!

سیروان کاروانی

وەختی خۆی سەرانی ڕژێمی بەعس (ئەوانەی چەند هەفتەیەک لەمەوپێش کلۆل لە بەرانبەر دادگادا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرا)، بە کوردەکانیان دەگوت چۆن فەلەستینییەکان بۆ قودس دەناڵێنن، دەبێ ئێوەش بۆ کەرکووک هەروا بناڵێنن. ئەو ڕژێمە بۆ گەیشتنی تەواو بەو ئامانجە و بە باوەڕەوە کارکردن لە پێناویدا، بە نهێنی و بە ئاشکرا بەردەوام بوو لە داڕشتنی پلانی مەترسیداری جۆراوجۆر. ڕژێم بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەو پلانە نەگریسییانە، هیچ گرفتێکی ناوەکی و دەرەکیی نەبوو و هەرچەندە ڕای گشتیی نێودەوڵەتیش بەرانبەر بەو ستەمانەی بەعس دەینواندن ئێجگار دوورەکەنار وەستابوو، بەعس خۆیشی هیچ جۆرە شەرمێکی لەلا نەمابوو و زۆر بێباکانە لەگەڵ جیهانی سەردەمدا مامەڵەی دەکرد.

لێرەوە ڕژێم بە شێوەیەکی گشتی پلانەکانی تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو شارەی لە دوو بەرنامەی تەواوکەری یەکتریدا خستە مەیدانی جێبەجێکردنەوە کە یەک لە یەک پڕ مەترسیتر بوون. یەکیان ئەوە بوو بە شێوەیەکی ئاشکرا کوردەکانی لە شوێنە گرنگەکانی دامودەزگە دەوڵەتییەکان دووردەخستەوە، زۆرێک لە کەسوکارەکانی ئەو پێشمەرگانە یاخود هەڵاتووی سەربازی کە لە ناوچەکانی تری کوردستاندا بوون دەردەکرد و ڕەوانەی وێندەرێی دەکردن، زۆربەی کرێکارە کوردەکانی دەرکرد کە ساڵانێک بوو لە کۆمپانیاکانی نەوتدا کاریان دەکرد و لە شوێنیان عەرەبی خوارووی عێراق و شوێنەکانی تری دەهێنا و دایدەمەزراندن، بە بڕیارێکی تایبەت کڕینی زەوی و خانووبەرەی بۆ کوردەکان ڕاگرت و ڕێگای فرۆشتنی ملکەکانیان بۆیان ئاوەڵا کرد و لە هەمان کاتیشدا هانی دەدان سەروەتەکانیان بفرۆشن، لە تێکڕای خوێندنگەکاندا خوێندکارانی عەرەبی وەک سیخوڕ بەرانبەر بە خوێندکارە کوردەکان بەکار دەهێنا و تەنانەت ژیان بۆ خوێندکارە کوردەکان بە شێوەیەک بەرتەسک بووبووەوە کە دوو خوێندکار نەدەوێران پێکەوە باس لە گەنجاتی خۆیان بکەن و ئەمە سەرەڕای ئەوەی پیاوانی ئاسایش و دەمانچە هەڵگرەکانی تر هەمیشە بەناو خوێندنگەکاندا دەگەڕان و بە ئارەزووی خۆیان خەڵکیان بێ سەروشوێن دەکرد و چاوەدێریی خوێندکارانیان دەکرد، کۆمەڵێک گەڕەکی نوێی لەژێر زۆر ناوەوە بۆ نموونە ئەفسەران و قادسیە و لەو شێوەیە کردەوە کە تێکڕای دانیشتووانەکەی بریتی بوون لە عەرەب هەروەک گۆڕینی ناوی گەڕەکە کوردییەکان، ئەمانە هەموو کۆمەڵێک پلانی تریش کە ڕژێم بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی ڕۆژانە پیادەی دەکردن و، لە بەرنامەی یەکەمی ئەو ڕژێمەدا بە ئاشکرا ڕەنگی دەدایەوە و لێرەوە تا ڕادەیەکی زۆر هەموو ئەوانەی جێبەجێ کرد و ژیان لەو ناوچەیەدا بوو بە دۆزەخی سەرزەوی.

لە بەرنامەی دووەمدا کە ڕژێم زۆر نامرۆڤانەتر و لەژێر بەرنامەیەکی ئێجگار ترسناکدا دەیویست بە ئەنجامی بگەیەنێ، ئەوە بوو کە لە پاش ئەنفالە گەورەکانی بەسەر تەواوی کوردی خوارووی کوردستانیدا هێنا، ئەوا لە کوردەکانی ناو شاری کەرکووک مرۆڤ بێ سەروشوێن بکات و ئەمەشی لە شێوەی تاک و کۆمەڵ ئەنجام دەدا. هەرچەندە ئەوە هێشتا سەرەتا بوو، بەڵام ئەگەر لەسەر ئاستی ناوچەکە بە گشتی و عێراق و بەعس بە تایبەتی کە لەوێوە مەترسی لەسەر دەستەڵاتیان و نزیک بوونەوە لە گۆڕبەگۆڕکردنی هەموو سیستەمی بەعس دەستی پێ نەکردایە، ئەوا لە جیهانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی ئەم سەردەمەدا، بێوێنەترین ستەم دژ بە گەلی کورد لەو پارچەیەی

خاکی کورددا ئەنجام دەدرا. ئەوە تەنها شانسێک بوو بۆ گەلی کورد کە بە تیاچوونی ئەو ڕژێمە ستەمکارە کۆتاییی پێ هات.

لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، ئەگەر گەلی کورد بە گشتی و پارت و کەسانی خاوەن کیانی سیاسیی ناو کۆمەڵ و خاوەن ئابوورییەکان بە تایبەتی ئەو مەترسییە گەورانەیان بێتەوە یاد، ئەوا نابێ هەرگیز لەوە زیاتر هەلی باش لەدەست بدەن. کەرکووک کە بەلای کوردەوە نەک هەر خاکی کوردە، بەڵکوو مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە دواڕۆژی کوردی پێوە بەندە. تا ئێستاش لە دوای ڕووخانی ڕژێم و پێکهێنانی حکومەتی پێکەوەنراو و بەسەرچوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەو هەموو گۆڕانکارییانەدا، دەبینین کە ڕەوشی سیاسیی ئەو شارە ڕوو لە خراپ بوونە. لایەنە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگەی کورد کە بەردەوام دەم لە ماددەی 58ی یاسای کاتیی عێراق دەکوتن، تا ئێستا نە توانیویانە وابکەن هەنگاوێکی بەرچاو لەو ڕووەوە بنرێ و نە گوشارێکی دژ کراوە ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبێ، سەرەڕای ئەوەش زۆر لەو خاڵانەی کە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق هاتنە کایەوە، ئێستا خەریکە پێچەوانە دەبنەوە و تەنانەت ئەو عەرەبانەی لە تساندا شارەکەیان بەجێهێشت، خەریکە هێواش هێواش دەگەڕێنەوە.
هەروەک دیارە ماوەیەک لە بەسەرچوونی ڕژێمی بەعس بەسەرچوو و لەو ماوەیەدا باسێکی زۆر لەسەر کەرکووک کراوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کورد نەیتوانیوە هەموو هێزی خۆی یەکبخات و بتوانێ گوشارێک بۆ سەر دەستەڵاتی ناوەندی بهێنێت کە ئەو شتانەی لەسەر کاغەز و ڕاگەیاندنەکانی تردا باسیان لێوە دەکرێ، بهێنرێتە مەیدانی جێبەجێکردنەوە.
دیارە ئەو پلانە مەترسیدارانەی ڕژێم ماوەیەکی زۆر بە هێزێکی ماددی و مەعنەویی زۆرەوە کاری لە پێناودا کرد و لە زۆر ڕووەوەش سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کاتێکی زۆری دەوێ هەتا بتوانرێ ئەو شوێنەوارە مەترسیدارانە بسڕدرێتەوە و بارودۆخی ئەو شارە بگەڕێندرێتەوە دۆخی جاران، بۆیە نابێ کات بەم شێوەیەی ئێستا بە فیڕۆ بچێت، بەڵکوو ئەم پرۆسێسسە هەنگاوی ئێجگار خێرای دەوێ.

دەبێ لایەنە کوردییەکان و تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی ڕاستی و دروستیی شتەکان بۆ خەڵکی کورد بەیان بکەن، نەک بە هەواڵی دڵخۆشکەری بێبنەما ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. دەبێ ددان بەوەدا بنرێ کە تەعریبکاری بەردەوامە و حکومەتی ئێستای عێراق لە نیازیدا نییە هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو شارە بنێت و بە تێپەڕبوونی زیاتری کات، تەنها کورد تێیدا زەرەرمەند دەبێ.
دەبێ لای هەموو کورد ئاشکرا بێ کە مانەوەی چارەنووسی کەرکووک بەو شێوەیە و نەهاوێشتنی هیچ هەنگاوێکی باش بۆ گەڕانەوەی ئەو شارە بۆ باوەشی خاکی کوردستان، گەورەترین زیانی بۆ ئەم گەلە بەدواوە دەبێ و سەرەنجام دەکەوینە ڕۆژگارێکی وا سەختەوە کە ئەوەی ئێمەی کورد سەبارەت بە شاری کەرکووک دەمانەوێ ئەنجامی بدەین، دەبێت بە خەون و خەیاڵ.

2005.11.10